## یەکگرتووی ئیسلامی...
## بەشێکە لە تیرۆریزمی ئیسلامی لە کوردستان

**سامان ئەحمەد**

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە گشتی ، بە( یەکگرتووی ئیسلامیشەوە) هێزێکی تیرۆریست بووە کە لە ڕێگای تیرۆریزم و توند و تیژی و پیلانی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە دەرکەوتن . سەرەڕای جیاوازی هەڵسوکەوتی باڵە جیاجیاکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەڵام هەموویان لە نواندنی تیرۆریزم و توند و تیژی دا لە دژی ڕادیکالیزم و ژنان و کەسانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز لە کوردستاندا هاوڕا یەکدەست بوون.

یەکگرتووی ئیسلامی وەکو یەکێک لەو حزبە ئیسلامیانە یەکیچک بووە لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی تیرۆر و ڕەشەکوژی ژنان لەکوردستان هەمیشە ئەم حزبە کۆنەپەرسترین داب و نەریتی دوواکەوتوانەو پیاوسالارانەیان لە دژی ژنان تیژکردووەتەوە و بەرگریان لە کوشتنی ژنان کردووە .

لە پەیوەند بە کوشتنی ژنانەوەلە کوردستان ، نوێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەرامبەر کۆمۆنیستەکان و ژنانی ئازادیخوازدا لە سیمینارەکانیرێکخراوەکانی ژنانی ساڵی 1998دا لە شاری سلێمانی هاواریان دەکرد ئەو ژنانەی زینا دەکەن ئەگەر نەکوژرێن چی یان لێ بکەین؟ لە باشترین حاڵەتدا دەیانووت باشترە ئەو کوشتنەی ژنان بە دەستی باوک و برا نەبێت ، مەلا لە دادگادا بڕیاری لەسەر بدات و بەسەر ژناندا جێبەجێ بکرێت.

هەر کەسێکی ئازادیخوازیش دژی ئەم پەیامە ڕەشەی ئەوان بهاتایەتە دەنگ لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی خۆیانەوە هێرشی ئەخلاقیان دەکردە سەر و خۆی و هاوسەرو ناویان دەزڕاند.من بۆ یەکەمجار کە لە سیمینارێکی ڕێکخراوەکانی ژناندا لەگەڵ یەکێک بەرپرسەکانی ئەم حزبە تیرۆریستە ئیسلامیە بەناوی ( ئەبوبەکر بەرپرسی کاروباری ڕاگەیاندن )دەرگیر بووم لەسەر تیرۆری ژنان کە ئەو بەرگری لە کوشتنی ژنان دەکرد و منیش بە توندی وەڵامم دایەوە ، بۆ ڕۆژی دواتر هەمان بەرپرس دوور لەهەر پرەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی بە لێدانەوەو پارچەکردنی قسەکانی من لە تەلەفزیۆنەکەیانەوە و سوکایەتی بەخۆم و هاوسەرەکەشم کردبوو.منیش لەکاتی خۆیدا بە بەیاننامەیەک وەڵامی یەکگرتوویئیسلامیم دایەوە.

ئەم پەیامە ڕەشەی یەکگرتووی ئیسلامی ڕاستەوخۆ بەشێک بوو لە کارو کردەوەی ئەم حزبە ئیسلامیە لە دژی ژنان، یەکگرتووی ئیسلامی بەمەشەوە نەوەستا کە تەنها بەرگری لە کوشتنی ژنان بکات و چەقۆی پیاوسالاری و سەربڕینی ژنان تیژبکاتەوە هاوکات گرووپەکانی هوهاکێشان دوواکەوتنی ژنانیان لەناوجەرگەی شارەکانی سلێمانی و هەولێر پێکدەهێنا بۆ هوها کێشان لەو ژنانەی جلوبەرگی مۆدرێن و جوانیان لەبەردەکرد و و هەر لەو کاتەوە یەکگرتووی ئیسلامی وەکو حزبێکی ئیسلامی دژی ئازادی جلوبەرگ پۆشینی ژنانیش دەرکەوتو بوونە هۆی پەشێوی بازاڕەکان بۆ ژنان ماوەیەک ژنان نەیاندەوێرائازادانە ڕوو لە بازاڕەکان بکەن هەتا لە لایەن کۆمەڵێک کەسی کۆمۆنیست و

ئازادیخوازەوە سنوریێک بۆ ئەم کارو کردەوە ی یەکگرتووی ئیسلامی دانرا .لە 31ـ8ـ 1998 دا لە شاری سلیێمانی یەکیێک لەو گروپانە کە ویستیان دووئافرەت نارِەحەت بکەن وەلامی ددان شکیێنیان پیێدرایەوە و دەستگیرکران و تەسلیم بە پۆلیسی سەرای سلیێمانی کران و ئەوانی تریشیان هەلاتن خۆیان کرد بە یەکیێک لەو دوکانانەی بازاڕی ڕاپەڕیندا کە کردبوویانە کتیێبخانە و بنکەی ئەم کارە توند و تیژیانە لە دژی ژنان.

گروپ و لایەنیێک کەکوشتنی ژنان بە کاریێکی ڕەوا بزانیێت و دژی ئازادی جلوبەرگ پۆشین بیێت و گروپی هوهاکیێشانسازبدات بیێگومان لایەنیێکی تیرۆریستە. جگە لە خانەی تیرۆر و توندوتیژی لە هیچ شویێنیێکی تری کۆمەلگادا جیێی نابیێتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی بەشیێک بووە لە و بەلای ڕەشە کوژی و تیرۆری ژنانەی لە کوردستاندا هەبووە.ئەمە سەرەڕای پشتیوانی خۆی لە تیرۆرکردنی کەسانی کۆمۆنیست و ڕادیکال و ئازادیخوازی کوردستان و دژایەتی کردنی سیمای مەدەنیەتی کۆمەلگای کوردستان.

**16-7-2006**